گەل
رۆژی
Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

ژمارە (٢١٨) یەکشەممە ١٩-١٠-٢٠٠٨

## زۆرترین پەنابەر لەعێراقەوە دەڕۆن

کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان ئاشکرای کرد کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ دا نزیکەی ٢٠ هەزار عێراقی داوای مافی پەنابەرییان لەوڵاتانی دەوڵەمەند کردووە، بەوهۆیەشەوە لە پێشەوەی خەڵکی وڵاتانی دیکەدان و ڕێژەی ١٢%ی پەنابەرانی جیهان پێکدەهێنن، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیەو هەڕەشە لە داهاتووی ئەو وڵاتە دەکات.



ل 3 مالکی داوای لیژنەیەک بۆ چاودێریکردنی سنووری عێراق- تورکیا دەکات



ل 5 نیشتمانپەروەران داوای یەکبوونی لایەنە هاوئامانجەکان دەکەن



ل 6 خۆکوژیی ژنان و چەند هۆکارێکی ئەم دیاردەیە



ل 7 چۆن ئێمەی مرۆڤ لە داهاتودا ئەگۆڕێین؟

# عێراق بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی خۆی، دەتوانێ داوای هاوکاری لە هێزەکانی ئەمریکا بکات

ئاژانسی ئاسوشیتد پرێس چەند بڕگەیەکی لە ڕەشنووسی ڕێککەوتنی ئاسایشی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و ئەمریکای بڵاوکردۆتەوەو کە گوایە لە سەرچاوەیەکی تایبەتەوە وەدەستی هێناوە.

ئاژانسەکە جەخت دەکاتەوە کە بەهۆی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە. حکومەتی عێراق بۆ چەسپاندنی ئاسایشی خۆی دەتوانێ داوای هاوکاری لە هێزەکانی ئەمریکا بکات و ئەوانیش پێبەندی هاوکاریکردنی دەبن.

بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەردوولا بۆ لێدانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان و دەرچوو لە یاسا هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، تەواوی چالاکیەکانیش لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە سەرپەشتی دەکرێن.

لەپێوەند بەو بڕگەیەوە، چاودێران پێیانوایە کە حکومەتی عێراق لە کاتی ناکۆکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەتوانێ لەژێر پاساوی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە یاسا دەرچووەو لاملی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دەکات، دەتوانێ داوای هاوکاری لە هێزەکانی ئەمریکا بکات، ئەمەش بە زیانی سەروەری و خواستەکانی گەلی کوردستان تەواو دەبێ.

چاودێران پێیانوایە کە دەبێ سەرکردایەتی کوردستان بەر لە واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە هەوڵی گۆڕینی ئەو بڕگەیە بدات و شەڕی نێوان حکومەتی عێراق پێشمەرگە مەجدار بکات.

## عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕەخنەی توووند لە پارتی دادو گەشەپێدان دەگرێ

ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دوایین دیداری خۆیدا لەگەڵ پارێزەرەکانیدا ڕاگەیاندووە کە پارتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دەیەوی ئێمە وەک دوژمن پێشان بدات و دژایەتیکردنمان بە پیرۆز بناسێنێ، دەیەوێ وەک دوژمنی ئایین بمان ناسێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش ساختەکاری دەکەن و دەیانەوێ تەمەنی دەستەڵاتی خۆیان درێژ بکەنەوە.

ئۆجەلان جارێکی دیکەش جەختی کردۆتەوە کە ئەرگەنەکۆنی سکۆلاریزم و ئەرگەنەکۆنی ئیسلامیش کە هی پارتەکەی ئەردۆگانن بوونیان هەیەو دەست بەکارن.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئاشکرای کردووە کە لەسەردەمی دەستەڵاتی بوڵەنت ئەجەویتدا نوێنەری سەرۆکوەزیران چۆتە ئیمرالی و چاوی بە ئۆجەلان کەوتووە، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٢ ئەو چاوپێکەوتنانە ڕاوەستان.

بەگوێرەی لێدوانەکانی ئۆجەلان ئەوکاتە بوڵەنت ئەجەویت و مەسعود یەڵماز ویستویانە چارەسەری کێشەکە بکەن، ئەوکات ئەمریکا لەنێو هاوکێشەکەدا نەبوو، بەڵام **MHP** پارتەکەی دەوڵەت باخچەلی ڕێی لەو چارەسەرکردنە گرت و نەیهێشت **DSP** پارتەکەی ئەجەویت و **Anap** پارتەکەی یەڵماز ئەو کارە بکەن.



ئۆجەلان گوتویەتی بەوهۆیەوە حکومەتی ئەو کاتە کە لە هاوبەندی نێوان سێ پارتی ئەجەویت و یەڵماز و باخچەلی پێکهاتبوو، بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختی دا، ئیدی زەمینە سازی بۆ پارتی دادو گەشەپێدان کراو گەیشتنە سەر کورسی دەسەتەڵات!

ساڵی ٢٠٠٣ کاتێ عەبدوڵڵا گویل بوو بە سەرۆوەزیران نامەی بۆ ناردووەو داوای لێکردووە ناوەڕۆکی نامەکەی ئاشکرا بکرێ، بەڵام ئیدی ئاشکرا بووە کە پارتەکەی ئەردۆگان و ژەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیاش نایانەوێ دۆزی کورد چارەسەر بکرێ.

ئۆجەلان جەختی کردۆتەوە کە پارتی دادو گەشەپێدان باری خۆیان خستۆتە سەر شانی سوپا، لەگەڵ شادو خەمگین دەبێ. هەربۆیەش داوای لە کوردان کردووە کە جارێکی دیکە دەنگی خۆیان بەوان نەدەن.

## عێراقیەکان ئاڵای ئەمریکا دەسووتێنن

دوێنێ شەممە، ڕێکەوتی ١٨-١٠-٢٠٠٨ بە هەزاران عێراقی لەسەر داوای موقتەدا سەدر ڕژانە سەر شەقامەکان و دژ بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە عێراق ناڕەزایی خۆیان پێشاندا.

لایەنگرانی ڕەوت سەدر لە کاتێکدا ئاڵای عێراقیان بەرز کردبۆوەو 'بەڵێ بەڵێ بۆ عێراق'یان دەگوتەوە، ئاگریان لە ئاڵای ئەمریکایان لەژێر پێنا و بەبەرچاوی پەیامنێرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاگریان لە ئاڵای ئەمریکا بەردا.

ئەحمەد مەسعودی پەرلەمانتاری ڕەوتی سەدر بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە کە ڕێپێوانەکە هێمنانەیەو داوای دەرچوونی هێزە داگیرکارەکان دەکەین و دەخوازین کە حکومەتی عێراق ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ واشنگتن مۆر نەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە بەرپرسێکی ڕەوتی سەدر ئاشکرای کردووە کە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەو ڕێپێوانە دابوو. هەربۆیەش هێزەکانی پۆلیس پارێزگاریان لێدەکردن.

## ٩ کورد لەهەڵبژاردنەکانی فینلاند خۆیان کاندیدا دەکەن

کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە وڵاتی فینلاندا، لە ڕاگەیاندراوێکدا کە دانەیەکی بۆ ماڵپەڕی **رزگاری** ڕەوانە کراوە، ئاماژە بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تەنیشت هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دا دەکات، بە گرنگترین ڕووداوەکانی دنیای دیموکراسیی فینلاندی دادەنێ و ڕایدەگەنێ کە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە کاریگەری لە سەر شێوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی و جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە دانیشتوانی هەر یەک لە شارەوانییەکان دەکرێن، دادەنێ، بەوهۆیەشەوە داوای لە کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند کردووە کە مافی دەنگدان دەکاربکەن و بچنە سەر سەندوقەکانی دەنگدانەوە، بەتایبەتیش کە نۆ کوردستانی خۆیان کاندیدا کردووە، ئەگەر هاوهەنگی لەنێوان کوردستانیانی نیشتەجێی فینلانددا هەبێ، ئەگەری سەرکەوتنی هەندێکیان هەیە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: 'لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی شارەوانییەکانی فینلانددا چەندین چالاکوانی کوردیش، چ ژن و چ پیاو، لە شارە جیاجیاکانی فینلاند خۆیان بۆ ئەو هەڵبژاردنانە پاڵاوتووە. بێگومان دەنگهێنانەوەی هەر کوردێک لە هەڵبژاردنەکاندا جێگەی شانازی هەموومانە. جگە لەوەی بوونی کەسایەتییە کوردەکان لە شوێنە هەستیارەکانی کۆمەڵگەدا دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە کاتی بڕیاردانەکاندا باشتر و زۆرتر لە بەرچاوبگیردرێ.

## رۆژەڤ

توونددو تیژیەکانی ناو عێراق شێوازێکی دیکەی بەخۆوەگرتووە، ئێستا شەڕێکی بەرنامەداڕێژراو دژ بە مەسیحیەکان بەڕێوەدەچێ، لەخۆڕاوە پەلامار دەدرێن و دەکوژرێن، ئەمەش ئەو مەترسیە چاوەڕوانکراوەبوو کە پێشبینی بۆ کرابوو. بەوهۆیەشەوە سەدان خێزانی مەسیحی ئاوارەبوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوە.

کوشتنی مەسیحیەکان، بەتایبەتیش مەسیحیەکانی دەڤەری موسڵ سەرچاوەی لە دەرماگیری نەتەوەیی و ئایینی گرتووە، هێزە توندڕۆکانی عەرەب لە پێکهێنانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداری مەسیحیەکان دەترسن، گەرکیانە مەسیحیەکان زراوڕژێن بکەن، لەزێدی باب و باپیرانی خۆیان هەڵیانبکەنن، هەروەک چۆن ڕژێمی بەعس شاڵاوی وەدەرنان و هەڵکەندنی کوردی لە پارێزگای کەرکوک و دیالەو نەینەوا پیرۆ دەکرد، ئێستاش هاوهزرانی بەعس دەیانەوێ هەمان سیاسەت دژ بە مەسیحیەکان دووپات بکەنەوە، کەچی گروپە توندڕۆکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خۆیان بێبەری دەکەن، کەسانی دەمارگیری وەک **ئوسامە نوجەیفی**ش هێزە کوردستانیەکان تۆمەتبار دەکات و دەیەوێ گێژاوێکی دیکە دروست بکات.

وێڕای ئەوەی کە حکومەتی عێراق زۆر ڕاشکاوانە خەمساردی لەبەرانبەر هەڕەشەکان دەنوێنێ و هەنگاوی کردەیی بۆ پاراستنی سەرو گیانی مەسیحیەکان هەڵناگرێتەوە، کەچی هێزە کوردستانیەکان بە فەرمی شەڕی دژ بە مەسیحیەکانیان ڕیسواکردووە، دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش باوەشیان بۆ ئاوارەکراوەکانیان گرتۆتەوە، حکومەتی هەرێمیش بڕیاریداوە بەپێی توانای خۆی هاوکاریان لەگەڵدا بکات، جێگە و شوێنی حەوانەوەیان بۆ بدۆزێتەوە و ئاسایشیان بۆ دابین بکات، تەنانەت پێری، ڕۆژی هەینی وتارخوێنی زۆربەی مزگەوتەکانی کوردستان لەڕێگەی مینبەر و بڵندگۆکانیانەوە داوایان لە موسڵمانانی کوردستان کرد تا بەهانای ئاوارە مەسیحیەکانەوە بچن و باوەشیان بۆ بکەنەوە، بەمەبەستی هاوکاریکردنی زیاتر پێشنیاری دانانی سندوقی خێرخوازیشیان کرد.

ئەو هاوسۆزی و پشتیوانیەی کە تا ئێستا کوردستانیان بۆ مەسیحیەکانیان کردوە، وەک یەکەمین هەنگاو باشە، بەڵام کێشەی مەسیحیەکان بەوە چارەسەر دەبێ کە هەوڵی دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداریان بۆ بدرێ، باشترین چانسیش ئەوەیە کە دەستووری هەرێمی کوردستان ئەو مافە بسەلمێنێ و حکومەتی هەرێم و هێزە کوردستانیەکانیش ڕاشکاوانە لەپێناویدا تێبکۆشن، بەوهۆیەوە هەم دۆستایەتی نێوان گەلانی باشووری کوردستان پتەوو بەهێزتر دەبێ، هەمیش بەشێکی خاکی پارێزگای نەینەوا بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

## سکرتێری پارتێکی کوردی سکاڵا لە سەر ڕۆژنامەی حەیات تۆمار دەکات

بەڕێز عەبدولحەمید حاجی دەروێش، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی پێشڤەڕی کورد لە سوریا سکاڵایەکی لە دژی شێرزاد عادل ئێزدی و ڕۆژنامەی ئەلحەیات تۆمار کردووە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست ڕۆژی گەل کەوتووەن، لە کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ دا بەڕێز عەندولحەمید حاجی دەروێس سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سوریا لە دادگەدا سکاڵای لەدژ شێرزاد عال ئێزدی تۆمارکردووە، بەهۆی ئەوەی لە نووسینێکدا کە لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنیدا بڵاوکراوەتەوە، ڕەخنەی توووندی لە کەسایەتی ناوبراو گرتووە.

ڕیزدار عەبدولحەمید پێیوایە کە ناهەقی لەبەرانبەریدا کراوە، سەرتاپای گوتارەکە ناڕاستە، بۆیە بە مافی خۆی زانیوە کە لە دادگەدا سکاڵا لە دژی نووسەرەکەی و ئەو ڕۆژنامەیەش تۆمار بکات کە ئەو نووسینە ناڕاستەی بڵاوکردۆتەوەو کەسایەتی ئەوی لەکەدار کردووە.




به دەستکاریەوە لە رۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت وەرگیراو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com